## بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی ٢٠١٦

# کچێکی کورد پێشنیار دەکرێت

نادیه موراد، ناوێکی ئاشنا و هێمای قوربانیبوونی ستەمکاری و دەستدرێژییەکانی دڕندەکانی داعش- ـە و دوای رزگاربوونی وەك شاهیدێکی زیندوو، بوێرانە لە ئاستی دنیادا دەنگی مەزڵوومییەتی خۆی و ئافرەتانی کوردیی ئێزیدی هەڵبڕی و دواتر لە لایەن چەندین سەرۆك و سەرکردەی وڵاتانەوە پێشوازی لێکرا. لە مانگی رابردوو لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تایبەت بە بازرگانیکردن بە مرۆڤ، نادیه موراد ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، هاوکات باسی لە تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە خۆی و کچان و ژنانی ئێزیدی کرد. ئاو ئافرەتە کوردە چالاکانە بۆ پەردەلادان لەسەر دڕندەیی چەکدارانی داعش تێدەکۆشێت، لە ئێستاشدا داوا دەکرێت بۆ وەرگرتنی خەڵاتی جیهانیی نۆبڵی ئاشتی لە ساڵی ٢٠١٦ کاندید بکرێت، هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.





**نادیە شایانی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەیە و ئێش و ئازاری مەلالە یوسفزای لە چاو ئێش و ئازارەکانی ئەو وەک دڵۆپێک ئاوە لە دەریایەک، بۆیە پێویستە لە وەرگرتنی خەڵاتەکە هەموو لایەک پشتگیری بکەین**

**پێویستە کوردانی ناوخۆ و رەوەندی کوردی لە دەرەوە هەوڵبدەن کاریگەرییان هەبێ بۆ ئەوەی ئەو خەڵاتە ببەخشرێتە ئەو کچە کوردەی کە دوای رزگار بوونی لە ناو خۆیدا نهێنییەکانی قەتیس نەکرد و بەرامبەر بە زوڵم و زۆرداری دەنگی هەڵبڕی**

نادیە موراد، دوای ئەوەی لە بەردەم یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی تایبەت بە دۆسییەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، چیرۆکی دەستدرێژی کردنەسەری لەلایەن تیرۆریستەکانی داعشەوە گێرایەوە، لە گەڵ سەرۆکی میسر و سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر و سەرۆکی یۆنان و چەندین وڵاتی دیکە کۆبووە و دۆخی ژنان و کچانی ئێزیدی بۆ ئەو بەرپرسانە گێرایەوە. نادیە باسی لەوەکرد کە لەمانگی ئابی ساڵی رابردوودا، لە گوندەکەی خۆیان دەستگیرکراوە و گواستراوەتەوە بۆ ناو بینایەك لە مووسڵ کە تایبەت بووە بە کڕین و فرۆشتن و بەخشینەوەی کچ و ژنە ئێزیدییەکان.

نادیە موراد، کچە ئێزیدی تەمەن ٢١ ساڵ، لە پاش داگیرکردنی شنگال لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤ لەلایەن رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەگەڵ هەزاران ئافرەتی ئێزیدی رفێندران و بۆ ماوەی چەند مانگێك لە ژێر دەستی چەکدارانی داعش ماوەتەوە و دواتر رزگاری بووە. ئەو کچە ئێزیدیە لەبەردەم نوێنەرانی وڵاتانی جیهان و لە کۆبوونەوەی گەورەترین رێکخراوی نێودەوڵەتی و لەیەکەمین کۆبوونەوەی تایبەت بە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، وتی: «دوای چەند رۆژێك پیاوێك هات و بە زۆر ماکیاژی پێکردم و ئەوەی ویستی بە زۆر لەگەڵمیدا کردی، دوایی فرێیدامە ناو ژووری پاسەوانەکانیەوە و هەتا بوورامەوە ئەوانیش هەموو شتێکیان لێکردم». نادیە وتیشی: «داعشییەکان بە جۆرێك دەستدرێژی دەکەنە سەر کچان و ژنان کە بە تەواوی لە رووی دەروونی و جەستەییەوە تێکیاندەشکێنن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئومێدیان بە ژیانێکی ئاسایی وەك مرۆڤ نەبێت، چەکدارانی دڕندەی داعش ژنان و کچانی ئێزیدییان کردووە بە پارچە گۆشتێکی بێ بەها و بە هەراجکراوی دەیانفرۆشن و دەیانکڕن، بۆیە داواتان لێدەکەم ئەو دڕندانە لەناو بەرن».

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە هەرێمی کوردستان (٣٢٢٩) ئافرەت لەلایەن داعشەوە رفێندراون تاوەکو ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە (١٨٠٤) ئافرەت لە ژێردەستی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییەدا ماون.

خەڵاتی ئاشتی یەکێك لە پێنج خەڵاتەکەی (نۆبڵ)ـە کە لە ساڵی ١٩٠١ ـەوە لە لایەن کۆمیتەی نۆبڵ لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ بە براوەی ئەو خەڵاتە دەبەخشرێت.

ئەو خەڵاتە تا هەنووکە چەندین کەسایەتیی ناوداری جیهان وەریانگرتووە کە لە رەهەندی ئاشتەواییدا کاریگەر و کارامە بوون، لەوانە: هنری کیسینجەر راوێژکاری سەرۆك کۆمار نیکسۆن لە ساڵی ١٩٧٣ بە هۆی هەوڵەکانی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ڤێتنام ئەو خەڵاتەی پێ بەخشرا، دالایی لاما، رێبەری ئایینی بوودایی‌یەکانی تبت لە ساڵی (١٩٨٩)، نێلسۆن ماندێلا، سەرۆك کۆماری پێشووی ئەفریقای باکوور کە بە قارەمانی خەبات لە دژی ئاپارتاید ناسراوە لە ساڵی (١٩٩٣) ئەو خەڵاتەی وەرگرت و یاسر عەرەفات، شیمون پێرێز، ئیسحاق رابین لە ساڵی (١٩٩٤) وەك سەرۆکەکانی فەلەستین و ئیسرائیل لەو کەسایەتییە ناودارانەن کە ئەو خەڵاتە جیهانییەیان بەرکەوتووە، مەلالە یوسفزای تەمەن ١٧ ساڵ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بۆ ساڵی ٢٠١٤ پێبەخشرا. لە ئێستاشدا داوا دەکرێت ساڵی ٢٠١٦ ئەو خەڵاتە بە نادیە موراد بدرێت.

غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، لەو بارەیەوە تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «نادیە موراد وەك سمبولی بەرخودان و مەزلوومیەتی گەلی کورد، لەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەنجامدران، پەیامی مەزلوومیەتی خوشك و برایانی ئێزیدی گەیاندە جیهان، بەشبەحاڵی خۆم پشتیوانی لەم کچە کوردە دەکەم بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی و بە کەسایەتییەکی شایستەشی دەزانم، لەبەر ئەوەی ئەوانەی لە ساڵانی رابردوو ئەو خەڵاتەیان پێبەخشراوە، توانیویانە خزمەتێك بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکەن، پێدانی خەڵاتی ئاشتی بە نادیە خان نەهامەتی و تاوانکاری خوشك و برایانی ئێزیدی نیشان دەدات لە هەمان کاتیشدا دڕندەیی تیرۆرستانی داعش بە دەردەخات و رووی راستەقینەی ئەو رێکخراوە بە هەموو جیهان نیشان دەدات»، مەخمووری گوتیشی: «پێویستە کوردانی ناوخۆ و رەوەندی کوردی لە دەرەوە هەوڵبدەن کاریگەرییان هەبێ بۆ ئەوەی ئەو خەڵاتە ببەخشرێتە ئەو کچە کوردەی کە دوای رزگار بوونی لە ناو خۆیدا نهێنییەکانی قەتیس نەکرد و بەرامبەر بە زوڵم و زۆرداری دەنگی هەڵبڕی.»

سوعاد لالۆ ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کە بە رەچەڵەك کوردی ئێزیدییە، نادیە موراد بە نموونەیەکی زیندووی ئافرەتانی کوردانی ئێزیدی وەسف دەکات و رایوایە نادیە نوێنەری راستەقینەی تێکڕای تاکەکانی کوردی ئێزیدییە، گوتیشی: «لەگەڵ ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتییەی کە بە سەر کوردانی ئێزیدیدا هاتووە، هێشتا ژمارەیەکی زۆری کچان و گەنجانی ئێزیدی لە دەستی ئەو دڕندانە رزگاریان نەبووە، دەبێت لە ئاستی جیهانیدا هەوڵی رزگارکردنیان بدرێت، نادیە موراد هەنگاوی گەورەی لەو بوارەدا هەڵگرتووە، ئەو داوای ئاشتی دەکات، داواکارییەکانی لە ئەنجومەنی ئاسایش هەمووی گوزارشت لە ئاشتەوایی و ئاسایشی نەتەوەیی بوو، بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتە بۆ دۆزی کورد و بۆ واقعی ئەمڕۆی کوردستان دەستکەوتێکی گرنگە و نادیە مورادیش شایستەترین کەسە بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە، چونکە لە بری تۆڵەسەندنەوە و رق و کینە داوای ئاشتی لە جیهان دەکات.»

د. رزگار رەنجەرۆ مامۆستا لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کوردە رەسەنە ئێزیدییەکان بە هۆی بیر و باوەڕە ئایینییەکان لەلایەك و کوردبوونیان لەلایەکی دیکەوە، هەمیشە هەوڵی جینۆسایدکردنیان دراوە، دواجار لەسەر دەستی تاریك پەرستانی داعش بوو، کە تا ئێستاش بە سەدان گەنجی رەسەنی کورد لە ژێردەستی ئەو رێکخراوە تیرۆرستییەدا ماون و دەستی رزگارکردنیان پێنەگەیشتووە.» گوتیشی: «من وەك مامۆستایەکی زانکۆ و وەك هونەرمەندێك پشتگیری لەو کچە کوردە دەکەم بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، پێویستە هەموو گەلی کوردیش پاڵپشتی بکات، چونکە

بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتە سامان و سەرمایەیەکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلە ستەم لێکراوەکەمان، پێویستە بە هەموومان هەوڵی ئەوە بدەین پاڵەپەستۆ بخەینە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو جیهان تاوەکو ئێش و ئازاری گەلەکەمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان زیاتر بە دنیای دەرەوە بناسێنین، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، نادیە موراد بە بێ خەڵاتی نۆبڵ-یش رەمزی ئێش و ئازاری کوردە رەسەنە ئێزیدییەکان و ئێش و ئازاری کوردانی چوار پارچەی کوردستانە.»

رێزان سابیر چالاکی کۆمەڵی مەدەنی، قسەکانی بەوە دەستپێدەکات کە «نادیە موارد ئەو کچە رزگاربووەی دەستی داعش، نوێنەری نموونەیەکی زیندووی ئافرەتی کوردە، توانا و بوێری نادیە، قسەکردنی لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی ئاسایش و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی وڵاتان، وایکرد ئەم کچە ببێتە ناسنامە و پێناسەی گەلێکی ستەم لێکراو. نادیە دوای ئەوەی ئازارێکی زۆری جەستەیی و دەروونی دەدرێت و پاشان رزگاری دەبێت، بەبێ سڵکردنەوە چیرۆکی گەورەترین جینۆسایدی سەردەمی گێڕایەوە، کە خۆی یەکێکە بووە لە قوربانییەکان، بۆیە نادیە شایانی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەیە و ئێش و ئازاری مەلالە یوسفزای لە چاو ئێش و ئازارەکانی ئەو وەك دڵۆپێك ئاوە لە دەریایەك، بۆیە پێویستە لە وەرگرتنی خەڵاتەکە هەموو لایەك پشتگیری بکەین.» رێزان زیاتر گوتی: «بەداخەوە لە رابردوودا چەندین کارەساتی جەرگبڕ بە سەر کورد هاتوون و بە بێدەنگی تێپەڕیون، لەوانە ژنان و منداڵانی ئەنفال و ئەو ئافرەتانەی لە وڵاتانی عەرەبی کڕین و فرۆشتنیان پێوە کرا، کە بە هۆی لە سەر ئاستی دنیا نەناسران و کیشەکانیان پشتگوێ خران، زۆر رووداوی دیکەش بەسەر کوردا هاتوون، کەچی وەك پێویست لە سەر ئاستی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی کاری جددی بۆ نەکراوە و خەریکە لە بیر دەچنەوە.»

داعشییەکان بە جۆرێک دەستدرێژی دەکەنە سەر ئافرەتان بە تەواوی لە رووی دەروونی و جەستەییەوە تێکیاندەشکێنن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئومێدیان بە ژیانێکی ئاسایی وەک مرۆڤ نەبێت

هێشتا ژمارەیەکی زۆری کچان و گەنجانی ئێزیدی لە دەستی ئەو دڕندانە رزگاریان نەبووە، دەبێت لە ئاستی جیهانیدا هەوڵی رزگارکردنیان بدرێت، نادیە موراد هەنگاوی گەورەی لەو بوارەدا هەڵگرتووە

نادیە موراد بە بێ خەڵاتی نۆبڵ-یش رەمزی ئێش و ئازاری کوردە رەسەنە ئێزیدییەکان و ئێش و ئازاری کوردانی چوار پارچەی کوردستانە





# هاوسەرگیریی زۆرەملێ جیابوونەوەی ناچاریشی لێدەکەوێتەوە

زۆر جار باسی کاریگەرییە نەرێنییەکانی هاوسەرگیریی زۆرەملێ کراوە و بە شێوازی جۆراوجۆر و کەم تا زۆریش بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە هەوڵ دراوە، بەڵام هێشتا لە وڵاتانی نەریتسالاری بە کوردستانیشەوە ئەو دیاردەیە ئەگەر شتێکی باویش نەبێت، ئەوا قوربانییەکانی کەم نین. یەکێك لەو قوربانییانەش نهێنییەکانی ژیانی خۆی بۆ گوڵان ئاشکرا دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



جیابوونەوەی هاوسەران گرفتێکی ئاڵۆز و مەترسیداری کۆمەڵایەتییە کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکان بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، لەوەش مەترسیدارتر لە بەرامبەر هەڵکشانی ڕێژەی جیابوونەوە، کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیرییە. بەپێی ئاماری ئەنجومەنی دادوەریی کوردستان، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەی گرێبەستی هاوسەرگیری بەردەوام کەمی کردووە و تەڵاق و جیابوونەوەش لە هەڵکشاندا بووە، کۆمەڵناسان گرفتی ئابووری و قەیرانی کۆمەڵایەتی و هاوسەرگیریی زۆرەملێ و هاوسەرگیری پێشوەختە بە هۆکاری سەرەکیی ئەم پرسە دادەنێن. گەرچی هەر یەك لەو هۆکارانە دەیان چیرۆکی تراژیدیای لە هەگبەدا هەڵگرتووە، بەڵام هاوسەرگیریی زۆرەملێ و پێشوەختە زۆرترین قوربانییەکانی لێکەوتووەتەوە.

نارین تەمەنی ٣٢ ساڵە و ماوەی هەشت ساڵە لە هاوسەرە کۆنەکەی جیا بووەتەوە و ماوەی شەش مانگە ژیانێکی دیکەی هاوبەشی دروست کردووە. ئەو خۆی و هاوسەرە کۆنەکەشی بە قوربانیی هاوسەرگیریی زۆرەملێ دەزانێت و سەرەڕای ئەوەی تەڵاق دراوە، گلەیی لە هاوسەری ڕابردووی نییە، بەڵام بەردەوام ماڵە خەزوورانی تۆمەتبار دەکات، بەوەی کە ژیانیان لێ تێکداوە و گەمەییان بە چارەنووسی کوڕی خۆیشیان کردووە. خۆی گوتەنی: «تەڵاقدانی کچی خەڵك بە بێ تاوان و سەربڕینی وەك یەك وایە و گەورەترین تاوانە». ئەگەرچی نارین لە ژیانی نوێی ڕازییە، بەڵام ڕابردووی هەوراز و نشیوی زۆری بووە و پێیوایە ستەمی زۆری لێکراوە. ئەمەش دەقی قسەکانیەتی کە بە ڕاشکاوی نهێنییەکانی ژیانی ڕابردووی بەمجۆرە دەخاتەڕوو:

«لە گەڕەکی خۆمان دراوسێی بەرامبەری ماڵەکەمان پێنج کچ و دوو کوڕیان هەبوو، یەکێك لە کوڕەکانیان لە هەندەران گیرسابووەوە و ئەوەی دیکەشیان بە کەسابەتەوە سەرقاڵ بوو. بنەماڵەیەکی خەڵکی دەوروبەری هەولێر بوون، زیانیان بۆ کەس نەبوو. بەتایبەتی کوڕەکەیان زۆر بە حەیا و نەجیب بوو. نەك دڵی من، بەڵکوو دڵی هەموو کچی گەڕەك و خزم و کەسی بردبوو، لە بەختی ڕەشم ئەو کوڕە دڵی خۆی دا بە من و بۆ ماوەی دوو ساڵ بە نهێنی پێوەندیمان هەبوو، بەڵام زۆر وریا بووین و هەرگیز نەمانهێشت کەس درکی پێ بکات. پێوەندییەکەشمان تەنیا نامە گۆڕینەوە، بوو. ئەوەش یەکەم نامەیەتی کە تا ئێستاش هەڵم گرتووە. (خاتوو نارین .. سڵاو. من گەنجێك نیم بتوانم کچێك فریو بدەم، بۆیە بە بێ موجامەلە هەم جوانی و هەم ڕەفتارت دڵی بردووم. تەنیا و تەنیا دەمەوێ بزانم ئایا من بە شایانی ئەوە دەزانێت کە ژیانی هاوسەری و هاوبەش پێکەوە بنیاد بنێین و بە بەختەوەری بژین، یان نا؟ هەر ئەوەندە و بەس. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم. ڕێباز ). ڕێباز هەرگیز درۆی لەگەڵم نەکرد. ئەو تەنیا عەیبی گەورەی ئەوە بوو کە لە بەرامبەر باوکیدا خاوەن هیچ ئیرادەیەك نەبوو. هێشتا تەمەنی ١٩ ساڵ بوو، باوکی بە زۆر خوشکەزایەکی خۆی بۆ مارە کرد، ئەو کات من تەمەنم ١٧ ساڵ بوو، ئەویش تازە خوێندنی دواناوەندی تەواو کردبوو، سەرقاڵی کەسابەت و کارگەی دروستکردنی تانکەر و کارگەی بلۆکیان هەبوو. باری داراییان زۆر باش بوو. خۆی و باوکی ئۆتۆمبێلی تایبەت بە خۆیان هەبوو. ڕێباز بۆ یەکەمجار لە بەرامبەر باوکی ڕاوەستا و پێی وت: باوکە من کچی پوورم خۆش ناوێت، زۆر تکا و ڕجای لێکردبوو، بەڵام باوکی لە سەر قسەی خۆی سوور بوو، وتبووی: چۆن دەتوانی قسەی باوکت بشکێنی؟ باوکی نەخۆشی دڵی هەبوو، بۆیە ڕێباز بە بڕیاری باوکی ڕازی بوو. بەڵام کە ژنی هێنا هێشتا ساڵی بەسەردا نەهاتەوە ژنەکەی هەردوو گورچیلەی ڕاوەستا و کۆچی دوایی کرد. لە ماوەی ئەو یەك ساڵەدا کاری هەردووکمان گریان بوو. من نەمدەتوانی دوای ڕێباز دڵ بە کەسی تر خۆش بکەم. لە کۆچی دوایی ژنەکەی ساڵێك تێپەڕی و دوو ساڵ بوو بە تەواوی لە یەك دابڕابووین، لە پڕ شەوێك ماڵی باوکی ڕێباز هاتە ماڵمان و لەگەڵ باوکم قسەی خۆیان کرد. دیارە ڕێباز زۆر لە دایکی پاڕابووەوە بۆ ئەوەی باوکی ڕازی بکات بەوەی بێتە خوازبێنی من. ئەوە شەوە کە میوانەکان ڕۆیشتن، باوکم دایکمی ڕاسپاردبوو بۆ ئەوەی ڕای من وەربگرێت، من تووشی شۆك بووم. هەموو شتێك بە خێر و خۆشی بەڕێوەچوو. تەنانەت ماڵی پووری ڕێباز واتە دایك و باوکی هاوسەری کۆچکردوویشی لە شەکراوخواردنمان بەشدارییان کرد. منیش خوێندنم تەواو کرد و ڕێباز ڕازی نەبوو، خوێندی زانکۆ دەستپێبکەم، پێکەوە ژیانێکی زۆر خۆشمان هەبوو. بەڵام دوای چوار ساڵ نەبووین بە خاوەن منداڵ، ئیتر خەسوو و خەزوورم بە بەردەوامی ژیانیان لێ کردبووین بە دۆزەخ و باوکی ڕێباز ئەوەندەی فشار بۆ هێنا هەتا ڕازی کرد ژنێکی دیکە بهێنێت، منیش ناچار بووم قبووڵی بکەم، چونکە دکتور پێی وتین منداڵدانم منداڵ ڕاناگرێت. بەڵام ئەو جارەش باوکی دیسان بە زۆرەملێ و بەخواستی خۆی کچێکی خزمی خۆی بۆ هێنا، بە بێ ئەوەی پشکنین بکەن، سێ ساڵ لەسەر یەك سێ منداڵیان بوو، هەر سێکیشیان تالاسیمی بوون و تا ئێستاش مانگانە دەبێت خوێنیان تێبکەن. باوکی ڕێباز دوو جار بە زۆرەملێ و بە خواستی خۆی ژنی بۆ کوڕەکەی هێنا و ژیانی من ڕێبازی تێکدا، هەوێم و دشەکانم و خەسووشم تەنگیان پێ هەڵچنیم و بەردەوام دەیانگوت: دوعای تۆ بەختی ڕێبازی ڕەش کردووە. ئەوەندەیان شەڕ پێ فرۆشتم ژیانمیان کردبوو بە دۆزەخ، تا وای لێهات، باوکم تەداخولی کرد و وتی: ماڵی خراپ بۆ خاوەنەکەی، خۆ کۆیلەم پێ نەداون. ئیتر ئەوە ماوەی هەشت ساڵە لە ڕێباز جیا بوومەتەوە و ئێستا زانکۆم تەواو کردووە و فەرمانبەرم، ماوەی شەش مانگیشە شووم کردووەتەوە و هاوسەرەکەم کەسێکی زۆر تێگەیشتووە و زۆریش ڕێزم دەگرێت. ئەو بەوەش ڕازی بوو کە من ناتوانم ببم بە دایك، کەچی لە ئێستادت دووگیانم. دکتۆریش دوای سۆنەر لە تەندروستی خۆم و کۆرپەلەکەم دڵنیای کردمەوە. هەموومان تووشی شۆك بووین، یەك هەفتەیە لە ماڵی باوکم شاییە. خوای گەورە منداڵێکی پێبەخشیوین و چاوەڕوانی لەدایکبوونی دەکەین.



**دوای چوار ساڵ نەبووین بە خاوەن منداڵ، ئیتر خەسوو و خەزوورم ژیانیان لێ کردبووین بە دۆزەخ و باوکی ڕێباز ئەوەندەی فشار بۆ هێنا هەتا ڕازی کرد ژنێکی دیکە بهێنێت، منیش ناچار بووم قبووڵی بکەم، چونکە دکتور پێی وتین منداڵدانم منداڵ ڕاناگرێت**

**باوکی ڕێباز دوو جار بە زۆرەملێ و بە خواستی خۆی ژنی بۆ کوڕەکەی هێنا**

**تەڵاقدانی کچی خەڵک بە بێ تاوان و سەربڕینی وەک یەک وایە و گەورەترین تاوانە**

**باوکی نەخۆشی دڵی هەبوو، بۆیە ڕێباز بە بڕیاری باوکی ڕازی بوو. بەڵام کە ژنی هێنا هێشتا ساڵی بەسەردا نەهاتەوە ژنەکەی هەردوو گورچیلەی ڕاوەستا و کۆچی دوایی کرد**